کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
7-3-2007 22:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەیان ساڵە ... سەرکێو

دەیان ساڵە دوژمن گورگەو
کورد گەلیش پەزی هەژارە
دەیان ساڵە
دوژمن ئەڵێت کورد قڕانەو
نیشتمانێک پڕ هاوارە
دەیان ساڵە
نیشتمانێک پڕ لە خوێنەو
سەدان زوهاک ئەیخواتەوە
دەیان ساڵە
نیشتمانمان مەزرای شینەو
لافاوی ڕەش ئەیشواتەوە
دەیان ساڵە
چەند زۆڵە کورد بوونە گیاکەڵەی وڵاتمان
ڕۆژێک مارکس ئەکەن بەخەون بەهەژاری ئەفرۆشنەوە
دەیان ساڵە
ڕۆژێک ماوتسیتۆنگ ڕابەرەو
سەرکەوتنمان ڕێگای ئەوە
دەیان ساڵە
ڕۆژێک دەستەی ڕەنجدەرانی
دەمێک ڕەوتی کۆمەنیستو برای کۆمەڵەی ئێرانن
دەیان ساڵە
پێمان ئەڵێن فیدڵ کاسترۆ
ڕابەری دیموکراسی گشت جیهانە
دەیان ساڵە
پێمان ئەڵێن هەر ڕێبازی ئەنوەر خۆجە و
چاوشیسکۆیە تاموچێژی ئەمژیانە
دەیان ساڵە
لە لینینەوە بۆستالین تاگورباچۆڤ
داڕێژەری ئەزمونمانە
دەیان ساڵە
ئەبێت نەتەوە کرێکاربێت یان جوتیاربێت
یان پاتاڵ شڕو لانەوازو هەژار بێت
دەنا خەباتی گەلەکەت ڕەوانابێت
دەیان ساڵە
پێمان ئەڵێن خەونی مارکسمان لە کۆڵەو
بەرهەمی لنین ئەدورین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شۆڕشمان درێژخایانەو بۆی جەسورین
دەیان ساڵە
ئەم ڕێبازە داڕوخاوە سەنگەری خۆی دژی نەتەوە لێداوە
هەرچی نەتەوە پەرستە لەلای ئەوان گێلە پیاوە
بەپێی ئەوان ئەگەر نەتەوەت خۆش بوێت تۆفاشیستی
یان چەواشەی یان پیاوی ئیمپریالیستی
دەیان ساڵە
سەنگەریان دژی نەتەوە قوڵ لێداوە
بۆ سەربرینی ڕۆڵەی کورد هەمیشە تێغیان سواوە
دەیان ساڵە
درۆ ئەکەن وەکو هیتلەر ئەیلێنەوە
تاکوخەڵکی سادەی وڵات چاوبەست بکەن
تاکو گەلو نیشتمانم لەمارکسییەت پێلۆز بکەن
****
پێتان ئەڵێم ئەی ناکەسان ئەی گیاکەڵەی نیشتمانم
نیشتمانتان پڕکرد لەخوێنی ئەمگەلە ئیتر هەڵەو درۆ بەسە
بۆسەدان جار لەقرناقەو لەپشت ئاشان
لەشاربازێڕو گەرمیان لەخواکورک ولەبادینان
لەشارەزور وقەرەداخ لەسیوەیل وچیای دابان
لەهەولێرو لەبیتوێن ولەسەرتاسەری کوردستان
هەزاران جار فێڵ ودەهۆی کورد کوژیتان بۆنایەوە
هەزاران جار داوی دەستی دوژمنانتان بۆنایەوە
لەیادتاندێت ڕۆژێک لەشاخ ڕۆژێک لەشار
بەجاشیەتی وبەباشیەتی ڕێگای شۆڕشتان ئەبڕی
بەخەونی هووڵ سفرەی شۆڕشتان ئەدڕی
*****
ئێستاش والەم چەرخی ژیانە
لەم جەرخی زانستو هەزرو بچوک بوونەوەی جیهانە
هێشتا ئێوەی چڵکاوخۆران درۆی زلمان لەگەڵ دەکەن
لەدوای گۆڕانی چەندین چەرخ
لەدوای ڕووخانی ناوەندی سۆشیالزم
لەدوای ڕووخانی پەیکەری لنین وستالین
لەدوای سەربڕینی شیسکۆ ومیلۆسۆڤیچ
ئێستاش ئێوە خەیاڵ وخەون دەپەرستن
ڕۆژێک سور و ڕۆژێک زەردو ڕۆژێک کەسکن
ڕۆژێک ڕیفۆرم دەخوازن ئەویش داوە
ڕۆژێک ناوەندی وشەن وئەویش ناوە
دەستان کەشفە بەقەد پێلاوێکی دڕاو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
7-3-2007 22:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

فیڵتان دیارە بەقەد گاجوتێکی سواو
هەرسەردەمێک جۆرە فیڵێک دەنێنەوە
لەهەر چاخێک تافتەی درۆیەک ئەتەننەوە
بەڵام ئێوە دڵنیابن داوەکانتان داوی کوێرە
فێڵەکانتان کورتە باڵان فیڵی شێتە
دڵنیابن نە لاوانی هۆشمەندی نیشتمانتان بۆکەوییەبێت
نەشۆڕشی نیشتمانتان پێتێک ئەچێت
نە نیشتمانی کوردستان جێی ئێوەیە
نەئەو بیرەی ئێوەی نەخۆش
بیرو هەزری ئەم چاخەیە
بۆیە کۆڵدان و وازهێنان
لەکورد کوژی ولەکورد فەوتان
لەو ڕێبازە کەچ وخوارە کەسەرتاسەری ئازارە
تاکە ڕێی سەردەرکردنە جگەلەوە ڕێی مردنە؟!!
دڵنیابن دڵنیا..

لەندەن
2007/3/5

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.